مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لێبوردنی گشتی و کاریگەری لەسەر داوای سزایی و بەرزەفتکاری

## یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە 4 ی 2017 وە نموونە

### توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە

General amnesty and its impact on the pleadings of criminal and disciplinary proceedings

General Amnesty Law in the Kurdistan Region of Iraq No. 4/2017 as a model
Comparative analytical study

**مامۆستای یاریدەدەر ئومێد سەعید خضر**

فاکڵتی یاساو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان / زانکۆی سۆران

**مامۆستای یاریدەدەر حەسەن مستەفا حوسێن**

فاکڵتی یاساو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان / زانکۆی سۆران

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**
الاستلام: ٢٠١٨/٢/٢٥
القبول: ٢٠١٨/٣/٢٥
النشر: ربيع ٢٠١٨

**Doi:**
**10.25212/lfu.qzj.3.2.05**

**الكلمات المفتاحية:**
General amnesty, legislative authority, jurisdiction, procedures, sentenced, criminal policy, reform,

**پوختە**

**لێبووردنی گشتی ڕێککارێکی یاساییە کە دەسەڵاتی یاسادانان هەڵدەستی بە ڕێکخستنی ئەحکامەکانی و دەرکرنی یاساکە، دوای بلأوکردنەوەی یاساکە لە ڕۆژنامەی فەرمی، لەلایەن دەسەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردنەوە کار بە حو کمەکانی دەکرێت. ئامانجی دەرکردنی یاسای لێبووردنی گشتی لە زۆربەی وڵاتانی دونیا، بریتییە لە چاوخشاندنەوە بە سیاسەتی تاوانکاری و بواری چاکسازیی سزایی .**

**لە دوای گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی عێراق و**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

judgments, legislator.

مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی عێراق، سێ یاسای لێبووردنی گشتی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی کوردستانەوە دەرکراون، لەو یاسایەنەش : یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (4) ی ساڵی (2007)، و یاسای ژمارە 2 ی ساڵی 2012، و دوایین یاساش بریتییە لە یاسای ژمارە (4)ساڵی 2017، هەروەها لە عیراقیش یاسای ژمارە(27) ساڵی (2016)دەچوو.

لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ ووردب وونەوەو شرۆڤەکردنی ئەحکامە گشتییەکانی یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (4)ساڵی 2017و بەراوردکردنی بە یاساکانی تری لێبوردنی گشتی لە عیراق و هەرێمی کوردستان .

## پوختە

دوای گۆرانی فەلسەفەی سزادان لە تۆڵەکردنەوە بۆ چاکسازی کەسی تاوانکار، وا پێویست بوو تاوانکار بگەرێندرێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و ببێتە مرۆڤێکی بە سوود و بەرهەمهێن و ئاسایی. بۆ ئەم مەبەستەش زۆربەی وڵاتان یاسای لێبووردنی گشتی دەردەکەن لەرێگەی دەسەڵاتی یاسادانان تا وەکو دەرفەتێك بدرێتە تاوانکار، بەمەش جگە لە سوودی کۆمەڵایەتی بۆ خودی تاوانکارو کۆمەڵگە، لە هەمانکاتدا سوودی بۆ دەوڵەتیش دەبێ ، چونکە بارگرانی و ئەرکی ئابووری و چاودێریکردنیان لەسەر دەوڵەت کەمدەبێتەوە.

هەرێمی کوردستانیش وەك وڵاتانی تر چەند جارێك یاسای لێبووردنی گشتی دەرکردەوە ، دوایین یاساش بریتییە لە یاسای لێب ووردنی گشتی ژمارە (4)ی ساڵی (2017 ) کە تییایدا ئەحکامەکانی پەیوەست بە سوودمەندبوون لە لێبووردن و جۆری تاوان و ماوەکەی دیاریکردووە، بۆیە لەبەر گرنگی ئەم بابەتە ، هەڵساین بە هەڵبژاردنی ئەم بابەتەو بە شرۆڤەکردنی یاسای لێبووردنی گشتی تاوەکو بەشێوەیەکی زانستییانەو بە پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستی لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکەین.

## یەکەم: گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕووی ئەحکامەکانی لێبووردنی گشتی و شرۆڤەکرنی یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان کە بابەتێکی هەنووکەییە و بەزمانی کوردی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە. هەروەها جگە لە ڕوانگە تیۆرییەکەی خستنەڕووی حوکم و بریارەکانی دادگاکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە لێبووردنی گشتی، گرنگی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە دەردەخات کە لێکۆڵینەوەکە دەوڵەمەندکراوە بە شیکردنەوەی هەڵویستی دادگاکان وەك پیشینەیەکی دادوەری و لێکدانەوەی حوکمەکانی یاسای لێبووردنی گشتی.

## دووەم: کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕووی وەڵامی چەند پرسیارێکی ناڕوون کە بریتین لە:

1 – مەبەست لە لێبووردنی گشتی چیە ئایە دەبێتە هۆی نەمانی سزا بەتەنها یان دەبێتە هۆیی نەمانی سزاو بەرپرسیاریەتی تاوانی ؟
2 – بنەمای یاسایی دەرکردنی لێبووردنی گشتییە چیە؟ ئایا لێبووردنی گشتی چ کاریگەریەکی دەبێت لە سەر بەرپرسیاریەتی سزایی و بەرپرسیاریەتی بەرزەفتکاری ؟

## سێیەم: میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا ، میتۆدی شیکاری بۆ شیکردنەوەی دیدگای یاساناسانی بواری تاوانی و دەقەکانی یاسای لێبووردنی گشتی بەکارهاتووە، جگە لەمە میتۆدی بەراوردکاریی نێوان یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی (2017) ویاساکانی تری عیراق و هەرێمی کوردستان، لەگەڵ خستنە ڕووی حوکم و بڕیارەکانی دادگانی هەرێمی کوردستان دەربارەی لێبوردنی گشتی.

## چوارەم: پلانی توێژینەوە

بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە بۆ دوو باسی سەرەکی دابەشکراوە، لە باسی یەکەمدا چیەتی لێبووردنی گشتی خراوەتەڕوو لە سێ داواکاریدا کە خۆی لە چەمك و پێناسەی لێبوورد ن گشتی و بنەماکانی و جۆرەکانی لێبووردن لە کردارە تاوانییەکان دەبینێتەوە، لە باسی دووەمیشدا تیشك خراوەتەسەر ئەحکامەکانی یاسای لێبووردنی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2017 و کاریگەریەکانی بەسەر داوای سزایی و بەراورد کاری لە چوارچێوەی دوو داواکاریدا باس کراوە.

مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# باسی یەکەم

# ناساندنی لێبووردن لە کرداری تاوانی و جۆرەکانی

لێبووردن لە کردارە تاوانییەکان چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، بۆیە لە کاتی پێناسەکردنی بەشێوەیەکی جیاواز ناساندنی بۆ کراوەو خاوەنی پێناسەیەکی گشتگیر وبەدەر نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند پێناسەیەکی بۆ خراوەتەڕو،بەم شێوەیە ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو داواکاری سەرەکی لە داواکاری یەکەمدا تیشك دەخەینەسەرچەمکی لێبوردنی گشتی و بنەما یاساییەکەی، لە داواکاری دووەمدا باسی جۆرەکانی لێبوردن لە کردارە تاوانیەکان دەکەین.

## داواکاری یەکەم: چەمکی لێبوردنی گشتی وبنەمای یاساییەکەی

لەم باسە تیشك دەخەینەسەر چەمك و پێناسەی لێبووردنی گشتی لەڕووی زمانەوانی و دەستەواژەو بنەمای یاسایی لێبووردنی گشتی لە دوو لقی جیاواز و بەم پۆلێنکارییەی خوارەوە:

***لقی یەکەم: پێناسەی لێبووردنی گشتی***

لەم لقە دا هەڵدەستین بە پێناسە کردنی لێبووردنی گشتی لەڕوی زمانەوانی و دەستەواژەییەوە.

### یەکەم: پێناسەی لێبووردنی گشتی لەڕووی زمانەوانیەوە

لێبووردنی گشتی لە زمانی عەرەبی ماناو دەلا لەتی زۆری هەیە، بەشێوەیەکی گشتی لە بەرامبەر دەستەواژەی لێبووردنی گشتی، دەستەواژەی (**العفو العام**) بەکاردەهێنرێت، لە هەندێ لایەنەوە (**العفو**) بە مانای (خێر – **الصدقة**) دێت، لە هەندێ لایەنی ترەوە بە مانای (**محو**) وات (سڕینەوە ، نەهێشتن) دێت[1].

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا، لە بەرامبەر دەستەواژەی لێبووردنی گشتی، دەستەواژەی (**general amnesty**) بەکاردێت[2]. لە زمانی فەرەسی دەستەواژەی (**L'Amnistie – amnistie Générale**) بۆ گوزەرشتکراوە[3].

---

[1] – بۆ زانیاری زیاتر: بڕوانە: إبن منظور: لسان العرب، ج6، ط1، دار احياء التراث، بيروت، 1997، ص 884.

## دووەم: پێناسەی لێبووردنی گشتی لەڕووی دەستەواژەوە

**یاساناسانی بواری تاوانی پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ لێبووردنی گشتی کردووە، هەندێك پێیان وایە کە لێبووردنی گشتی بریتییە لە : رێککارێکی یاسایی کە ئامانجی لابردنی کاریگەری حوکمی سزایی و پوچەڵکردنەوەی گشت ڕیککارو لیکۆڵینەوەیەکی سزاییە )[4] . یاساناسی ناوداری بواری یاسای تاوانی (د.محمود نجيب حسني) وەها پێناسەی لێبووردنی گشتی دەکات : (لابردنی کردارێکە کە سیفەتی تاوانی هەیە بەشێوەیەك کە حوکمی کردارەکە لادەچێت و وەك ئەوە وایە کە کردارەکە ببێتە موباح و بە تاوان هەژمار نەکرێت[5].**

**بەلاّم لەسەر ئاستی دادگاکان بە شێوەیەکی تر پێناسەی لێبووردنی گشتی کراوە، دادگای (نەقزی میصری) پێناسەی لێبووردنی گشتی دە کات بەوەی : "یاسایەکە دەقەکانی یاسای سزادان پەکدەخات بەلاّم مافە مەدەنییەکان ناگرێتەوە"[6]. دادگای پێداچونەوەی فیدڕاڵی عێراقی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات : "بریتییە لە کەوتنی تاوان کە دەبێتە هۆی نەمانی داوای سزایی و لاچوونی ئاسەوارەکانی"[7].**

**کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین پێناسەی (لێبووردنی گشتی – العفو العام ) بکەین بەوەی کە : "یاسایەکە لە لایەن پەرلەمانی ولاّت دەردەچێت پاڵپشت بە دەستووری ولاّت کە بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراوەو دەبێتە هۆی نەمانی یان کەمکردنەوەی سزاو لابردنی کرداری تاوانی".**

### *لقی دووەم: بنەمای یاسایی دەرکردنی لێبووردنی گشتی*

**لە زۆربەی ولاّتانی جیهان دەکردنی یاسای لێبووردنی گشتی لە دەسەلاّتەکانی پەرلەمانە و جگە لە پەرلەمان هیچ دامەزراوەو دەسەلاّتێکی تر تایبەتمەند نییە بە دەکرکردنی ئەم یاسایە، ئەم هێزە یاساییەش لە دەستووری ولاّ ت بە دەسەلاّتی یاسادانان دەبەخشرێت.**

---

–[2] Oxford Dictionary, issued by Oxford University, 7th ed , 2007, p 1698.

–[3] ميشيل. ج. فيرج: مسرد الكليمات القانونية ومعانيها، بلا مكان طبع، 2005، ص3.

–[4] د. على محمد جعفر: فلسفة العقاب والتصدي للجريمة، ط1، المؤسسات الجامعية للدراسات والنشر– بيروت، 2006، ص 191.

–[5] د. محمود نجيب حسني: شرح قانون العقوبات – القسم العام، ط3، منشورات الحلبي الحقوفية، بيروت، 1973، ص 1215.

–[6] قرار محكمة النقض المصرية رقم (122) لسنة 1929، اشار اليه: جندي عبدالملك: الموسوعة الجنائية، ج5، دار العلم للجميع، بيروت، بدون سنة طبع، ص 250.

–[7] قرار محكمة التمييز الاتحادي رقم (19/هياة عامة/2003) بتاريخ 30–1–2003، لە ماڵپەری فەرمی ئەنجوومەنی دادوەری عێراقی (مجلس القچاو الاعلى) بەم ناونیشانە بلاّوکراوەتەوە: www.iraqja.iq.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر سەیری دەستووری ولاّتان بکەین، زۆرێك لە ولاّتان بە ڕاشکاوی دەرکردنی لێبووردنی گشتی بە دەسەلاّتی یاسادانان دەبەخشن، لەوانە : دەستووری میصری ساڵی ( 2014) لە ماددەی ( 155) دا هاتووە : ( لێبووردنی گشتی بە یاسا دەردەچێت و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران )[8]. هەروەها لە ماددەی (38)ی دەستووری ئوردنی ساڵی (1952) لە دواین هەمواری ساڵی ( 2016 )دا هاتووە : ( لێبووردنی گشتی بە یاسایەکی تایبەت دەردەچێت )، بە هەمان شێوە لە ماددەی (109)ی دەستووری ئیماراتی ساڵی( 1971) و دواین هەمواری ساڵی( 2009)، لە ماددەی (19 و 53)ی دەستووری لوبنانی ساڵی 1929 و دواین هەمواری ساڵی (2004) دەسەلاّتی دەرکردنی لێبووردنی گشتی بە دەسەلاّتی یاسادانان بەخشراوە و پێویستی کردووە بە یاسایەکی تایبەت دەربکرێت[9].

بەلاّم بە داخەوە دەستووری عێراقی فیدارڵی ساڵی( 2005) لە هیچ ماددەیەك باسی لێبووردنی گشتی نەکردووە، تەنها لە ماددەی (73)ی دەستووردا باسی لێبووردنی تایبەتی کردووە وەك دەسەلاّتێکی سەرۆکی کۆمار . ئەمەش بە کەموکورتی دەستووری دادەنرێت بەتایبەتی لەڕووی پیادەکردنیەوە لەلایە ن دەسەلاّتی یاسادانان ەوە، دەبوایە بە ڕوونی ئاماژەی بە لایەنی تایبەتمەند بکردبا کە ئەنجومەنی نوێنەرانە، بەلاّم لەبەر ئەوەی لێبوردنی گشتی یاسایە ، بە گوێرەی ماددەی(61) لە دەستوری ئیستای عیراق یاسادانان لە تایبەتمەندی ئەنجومەنی نوێنەرانە.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، بەهۆی نەبوونی دەستوور بۆشایی دەستوری دروستبووە، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا خ ودی پەرلەمانی کوردستان لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی ژمارە (1)ی ساڵی 1992هەموارکراو، لە ماددەی (56) دا کۆمەڵێك دەسەلاّتی بۆ ئەنجوومەنی نیشتیمانی (پەرلەمانی کوردستان ) دەسنیشانکردووە، بەلاّم بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە باسی بەخشینی دەسەلاّتی دەرکردنی (یاسای لێبووردنی گشتی ) نەکردووە، تەنها لە خاڵی یەکەمی ماددەکەدا دەڵێ دەسەلاّتی (دەرکردنی یاسا )، بەلاّم واباشتر بوو بەراشکاوی بنووسرایا دەسەلاّتی بەخشینی لێبووردنی گشتی تایبەتە بە پەرلەمان .

#### داواکاری دووەم: جۆرەکانی لێبووردن لە کردارە تاوانییەکان

جگە لە لێبووردنی گشتی، شێوازی تری لێبووردن هەیە لە کردارە تاوانییەکان،ئەویش پاساوی یاسایی(الاعڕار القانونیە) و لێبووردنی تایبەتیە.لەم باسەی توێژینەوە تیشك دەخەینەسەریان.

---

8– المادة (155) من الدستور المصري لعام 2014: ولا يكون العفو الشامل إلا بقانون، يُقر بموافقة أغلبية أعضاء مجلس النواب.

9– بڕوانە ماددەی (38) ی دەستووری ئوردنی ساڵی 1952 و دواین هەمواری ساڵی 2016، ماددەی (109) ی دەستووری ئیماراتی ساڵی 1971 و دواین هەمواری ساڵی 2009، لە ماددەی (19 و 53)ی دەستووری لوبنانی ساڵی 1929 و دواین هەمواری ساڵی 2004.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لقى يەكەم: عوزرى ياسايى (پاساوى ياسايى)

پاساوى ياسايى ئەو حاڵەتانەن كە ياسا دياريكردون و دەبنە هۆيى لێبوردن لە سزا يان سووككردنى سزا .[10] ئەمەش وەكو ئامرازێك بۆ ئەوەى دادوەر بتوانێت چەند زانياريەكى گرنگ لە تۆمەتبار وەربگرێت لەسەر تۆمەتبارەكانى تر لە هەندێ لە تاوانە ئاڵۆزەكان و ڕەچاوكردنى پۆزشتى هەندێ حالەتى جياواز .چوارچێوەى لێخۆشبوونى تۆمەتبار لەلايەن دادوەر بەشێوەيەكى ڕەها نيىە، بەڵكو لە چەند تاوانێكى دياريكراو ئەم دەسەلأتە بە دادوەر دەبەخشرێت بە ياسا، ياسادانەرى ميصرى بەڕاشكاوانە باسى پاساوى ياسايى نەكردووە، بەلأم لە ياساى سزاكان و ڕێووشوێنى تاوانكاريدا لە ماددەكانى (82–88)ى سزاكان و (205–280–284)ى ياساى ڕێووشوێنى سزايى چەند حاڵەتێكى باسكردووە كە دەسەلأتى ڕێگەدراوى داوەتە دادگا لە تۆمەتبار خۆشبێت ،ئەمەش لە چەند حالەتێك ئەگەر تۆمەتبار زانيارى بە لايەنى پەيوەنديدار بەخشى لە تاوانە ترسناكەكان و زەرەرمەند بە بەرژەوەندى گشتى[11] .

بەلأم سەبارەت بە ياسادانەرى عێراقى لە ماددەى (129)ى ياساى شێوازى دادگاييكردنى سزايى باسى لێبووردنى دادوەرى كردووە بەوەى دادوەرى لێكۆڵينەوە دەتوانێت لێخۆشبوون بخاتە بەردەم تۆمەتبار دواى وەرگرتنى ڕەزامەندى دادگاى تاوانەگەورەكان (جينايات) بەمەبەستى وەرگرتنى زانيارى و بەڵگە لەسەر تاوان ەكە. هەروەها ئەندامانى داواكارى گشتى پاڵپشت بە (34/رابعاً/أ) لە ياساى داواكارى گشتى عێراقى ژمارە 159 ى ساڵى 1979 دەسەلأتى داوەتە دادوەرى داواكارى گشتى لە دادگاى تێهەڵچونەوە بەوەى دەتوانن لێبووردنى دادوەرى بخاتەبەردەم تۆمەتبار لە قۆناغى لێكۆڵينەوەو بە ڕەزامەندى دادگاى جينايات بەشێوەيەك هۆكارى لێخۆشبوونى ياسايى بۆ تۆمەتبار لە پەراوەكە بخاتەڕوو و بەڵگەى راست و دروست و تەواو لە تۆمەتبار وەربگيرێت، بەلأم ئەم ماددەيە هەمواركراو لەلايەن ياسادانەر لادرا[12].

كەواتە بەخشينى لێبووردنى دادوەرى لە دەسە لأتى دادوەرى لێكۆڵينەوە دواى وەرگرتنى رەزامەندى دادگاى جنايات و رەتكردنەوەى لێخۆشبوونەكەش تەنها لە دەسەلأتى دادگاى جيناياتە پاڵپشت بە ماددەى (129)ى ياساى شێوازى دادگاييكردنى سزايى ژمارە 23 ى ساڵى 1971 ى هەمواركراو. ياسادانەرعيراقى بۆ پارێزگاريكردن لە پەيوەندى خزمايەتى هەلْساوە بە لێخۆشبون لە بنەچەو نەوەكان لە سزاى تاوانى شاردنەوەى هەلأتوو[13] . هەروەها لە تاوانى ڕەشوە ئەگەر لايەنى ڕەشوەخۆر يان ناوندكار دەست پێشخەرى كرد لە ئاشكراكردنى تاوانەكە ئەوا

---

[10] لەياساى سزادانى عيراقى ژمارە 111 ى ساڵى 1969. ماددةى (128)

[11] على حسين خلف،سلطان عبدالقادر الشاوى،المبادئ العامة في قانون العقوبات،المكتبة القانونية،بغداد،2006،ص455.

[12] – بۆ زياتر زانيارى لةبارةى لێبووردنى دادوةرى بڕوانة : عدى جابر هادي: العفو القضائي – دراسة مقارنة، بحث نشور في مجلة علوم الانسانية، جامعة بابل، المجلد 15، العدد 2، سنة 2008، ص 361 وما بعدها.

[13] ماددەى (273) لە ياساى سزادانى عيراقى ژمارە 111 ى ساڵى 1969.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبەخشرێت لە سزا [14]. یاخود ئەگەر چەند بەشداربوێك هاوبەشیانكرد لە تاوانێك و دواتر یەكێیان هەواڵی دا بە لایەنی پەیوەندار، ئەگەر تۆمەتبار بەڵگەی دروستی لەسەر بەشداربووەكانی تری تاوانەكە ئاشكرا كرد ئەوا دەبەخشرێت لە سزا بەلاَم بەو مانایە نایەت كە دەبەخشرێت لە بەرپرسیاریەتی، بەڵكو بەرپرسیاریەتی تاوانی هەردەمێنێت ، بەلاَم بەهۆی ئەو خزمەتەی پێشكەشی كردووە لە ئاشكرا كردنی تاوان یان كارئاسانی بۆ دەستگیركردنی تاوانباران لە سزا دەبەخشرێت بە گوێرەی یاسا [15]، بە گوێرەی ماددەی 129 بڕگەی (ج) كە تیایدا هاتووە: ڕاگرتنی رێككاری یاسایی بەشێوەی كۆتایی و ئازادكردنی تۆمەتبار [16].

ئەم ماددە یە بە ڕەهایی دەڵێت ڕاگرتنی رێككاری یاسایی، بەمەش بەرپرسیاریەتی سزایی لەسەر تۆمەتبار لادەچێت.بەلاَم واباشتر بوو وردتر بڵێت ڕاگرتنی ڕێووشوێنی سزایی نەك ڕاگرتنی رێكاری یاسایی ئەمەش بۆ پاراستنی مافە شارستانیەكان، كەواتە پاساوە یاساییە كان هۆكارێكن بۆ بەخشین لە سزا نەك بەخشین لە بەرپرسیاریەتی.

## لقی دووەم: لێبووردنی تـاییەتی

جۆرێكی تر لە لێبووردن لە كردارە تاوانییەكان بریتییە لە لێبووردنی تایبەتی (العفو الخاص – La Grâce) كە پێشی دەگوترێت (لێبووردنی جوزئی یاخود لێبووردن لە سزا ) كە بریتییە لە ڕاگرتنی جێبەجێكردنی سزا لەسەر تاوانكار جا هەموو سزایەكە بێ یاخود بەشێكی بێ یاخود گۆرینی بابەتی سزاكە بێت، كە بە زۆری لەلایەن سەرۆكی دەوڵەت یاخود سەرۆكی دەسەلاَتی جێبەجێكردن دەردەكرێت [17]. بە پێچەوانەی لێبووردنی گش تی، لێبووردنی تایبەتی تەنها سزای بنەرەتی دەگرێتەوە بەلاَم سزاكانی پاشكۆیی و تەواوكاری ناگرێتەوە.

ئەساسی لێبووردنی تایبەتی بۆ دەستووری وڵات دەگەرێتەوە كە تیایدا دەسەلاَت بە سەرۆكی وڵات یان سەرۆكی دەسەلاَتی جێبەجێكردن دەدات كە لێبووردنی تایبەتی بۆ تاوانكاران دەربكات بەپێچەوانەی لێبووردنی گشتی كە لە دەسەلاَتی پەرلەمانە، بۆیە ئەگەر سەیری دەستووری وڵاَتان بكەین دەبینین بە ڕاشكاوانە ئەم دەسەلاَتە بە سەرۆك دەبەخشن لەوانەش : دەستووری فەرەنسی كە دەڵێت : (سەرۆكی كۆمار بە تەنها مافی لێبووردنی تایبەتی هەیە) [18]. بەلاَم دەستووری هەندێ وڵات دەسەلاَت دەبەخشێتە سەرۆكی وڵات و ئەنجوومەنی وەزیران بە هاوبەشی وەكو دەستووری میصری كە تیایدا هاتووە : (سەرۆكی كۆمار بۆی هەیە لێبووردنی تایبەتی یاخود كەمكردنەوەی

---

[14] ماددەی (311) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە 111 ی ساڵی 1969
[15] ماددەی (59) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە 111 ی ساڵی 1969)
[16] ماددەی (129 –ج)ی یاسای شێوازی دادگاییكردنی سزایی ژمارە 23 ی ساڵی 1971 ی هەمواركراو.
[17] – د. محمود نجیب حسنی: سەرچاوەی پێشوو، لا 855.
[18] ماددەی (17) دەستوری فەڕەنسی،ساڵی 1958هەمواركراو.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سزای تاوانبار دەربكات دوای وەرگرتنی بۆچوونی ئەنجوومەنی وەزیران)[19]. بەڵام دەستووری عێراقی ساڵی 2005 بە شێوەیەکی جیاواز دەسەڵاتی بەخشیوەتە سەرۆکی کۆمار که دەڵێت: سەرۆکی کۆمار دەسەڵاتی بەخشینی لێبووردنی تایبەتی هەیە لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران[20].

لە هەرێمی کوردستانیش بە گوێرەی یاسای سەرۆ کایەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی پێدانانی لێبووردنی تایبەتی هەبوو[21]. بەڵام یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017 تایبەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم تاوەکو خولی پێنجەمی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی یاساکە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی دەرکردنی لێبووردنی تایبەتی دەبێت تاوەکو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت و سەرۆکێکی تازە بۆ هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت([22]).

## باسی دووەم

## ئەحکامەکانی یاسای لێبووردنی گشتی و کاریگەری لەسەر داوای سزایی و بەرزەفتکاری

کاتێك تاوانبارێك یان تۆمەتبارێك لێبووردنی گشتی دەیگرێتەوە ئایا لەڕووی سزاییەوە کۆتایی بە داوای سزایی دێت یان نا، وە ئایا گشت جۆری سزاکان دەگرێتەوە وەك سزا بنەڕەتیەکان و تەواوکاری وپاشکۆییەکان ؟ جگە لەو کاریگەریە ئایا لێبوردنی گشتی چ کاریگەریەکی دەبێت بۆ سەر داوای بەرزەفتکاری و مافە مادیەکانی تر([23]) بەم شێوەیە ئەم باسەی توێژینەوە دابەش دەکەین بۆ دوو داواکاری : لە یەکەمیاندا باسی ئەحکامەکانی یاسای

---

[19] ماددەی(155) دەستوری 2014میصری هەموارکراو.

[20] ماددەی (73) دەستوری عیراق ساڵی 2005.

[21] ماددەی(10) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005.

[22]– بڕوانە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (یەکەم)ی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017 تایبەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم.

([23]) بە گوێرەی ئەحکامەکانی یاسا، لێبووردنی گشتی کاریگەری لەسەر مافی مەدەنی نابێت و مافە کەسییەکان لەسەر تاوانکار یاخود تۆمەتبار هەر دەمێنێت، ئەمەش بە گوێرەی ئەحکامەکانی ماددەی (153 بڕگەی 3) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ی سڵی 1969 کە چەند دەرەنجامێکی خستۆتەڕوو:

أ– هەموو کەسێکی زەرەرمەند مافی مراجعەکردنی دادگا شارستانیەکانی هەیە بۆ وەرگرتنەوە ئەو مافانەی کە دەرەنجامی تاوانی سزایی دووچاری بووە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لێبوردنی گشتی دەکەین لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4) ساڵی (2017) ، وە لە دووەمیاندا باسی کاریگەری لێبووردنی گشتی لەسەر داوای سزایی و بەرزەفتکاری دەکەین.**

## داواکاری یەکەم: ئەحکامەکانی یاسای لێبووردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان ژمارە (4) ی ساڵی (2017)

**پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (17–12–2017) یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (4) ی ساڵی (2017) لە هەرێمی کوردستان دەرکرد، ئەم یاسایە پاڵپشت بە ماددەی (56) بڕگەی (1) لە یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی ساڵی 1992 دەرچوێنرا**[24].

**هۆکاری دەرچوونی یاساکەش بریتییە دووبارە دەرفەتدان بە سزادراوان بۆ گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و دەستپێکردنەوەی ژیانی ئاسایی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە قەیراناویەی هەرێمی کوردستان پێدا تێدەپەڕێت و لە پێناو بڵاوکردنەوەی گیانی لێبووردەیی و چاکسازی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی ئەم یاساییە دەرچوێنراوە**[25].

---

**ب– ئەگەر زیانی ماددی و مافی کەسی بەهۆی تاوانی سزایی دروستت ببێت ئەوا یاسای لێبووردن شمولی مافە مەدەنییەکان ناکات، چونکە بەرژەوەندی گشتی و عەدالەت وا دەخوازێت کە تەنها لە تاوانە سزاییەکە ببەخشرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر لە یاسای لێبووردن دەق لەسەر مافی مەدەنی بکات، ئەوا لەو کاتەدا پێویستە دەوڵەت لە خەزێنەی گشتی قەرەبۆی خاوەن ما ف بکاتەوە... بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د. گارق صدیق گەردی: العفو العام والقوانين الصادره من برلمان كوردستان بصدده، بحث منشور في مجله كليه القانون للعلوم القانونيه والسياسيه – جامعه كركوك ، المجلد 4، الاصدار 12، السنه 2015، س 150.**

[24] – **لە هەرێمی کوردستان چەند جارێك یاسای لێبووردنی دەرکراوە بەتایبەتی لەسەردەمی دوو ئیداریدا، بەڵام دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی دوو جار یاسای لێبووردنی گشتی دەرکراوە، ئەوانیش:**
**یەکەم: یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە 2 ی ساڵی 2012.**
**دووەم: یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە 4 ی ساڵی 2007.**
- **بۆ دەستخستنی ئەم یاساییانە بڕوانە سایتی فەرمی پەرلەمانی کوردستان بەم ناونیشانەی خوارەوە** : www.kurdistan-parliament.org

[25] – **بڕوانە هۆکاری دەرچوون (اسباب موجب)ی یاسای لێبووردنی گشتی هەرێمی کوردستان ژمارە 4 ی ساڵی 2017، لە کۆتایی لاپەرەکانی یاساکە.**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گرنگترین ئەحکامەکانی ئەم یاسایە لەم خاڵانەی خوارەوە کورتدەکەینەوە

### یەکەم: ئەم یاساییە کێ دەگرێتەوە؟

ئەم یاساییە لە (17) ماددە پێکهاتووەو ئەحکامەکانی بەڕوونی دیاریکردووە، بە گوێرەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە : لێبووردنی گشتی حوکمدراوان و بەندی و سپێردراوان و ڕاگیراوان دەگرێتەوە[26]. لەم بوارەدا یاسادانەری عیراقیش هاو هەڵوێستی یاسا دانەری کوردستانی بووە[27].

کەواتە بە گوێرەی حوکمی ئەم ماددەیە بێت هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە حوکمی کۆتاییان بۆ دەرچووە یان لە قۆناغی لێکۆڵینەوەن یاخود ڕاگیراون، واتە چوارچێوەی حوکمەکە فراوانەو تایبەت نەکراوە تەنها بە حوکم دراوان، بەڵکو حالەتەکانی تریش دەگرێتەوە .

### دووەم: کاریگەری ئەم لێبووردنە لەسەر مافی شارستانی وبەرزەفتکاری

بۆ ئەم مەبەستە یاسای لێبووردنی گشتی ئەم بابەتە یەکلاکردۆتەوە بەوەی لە بڕگ ەی دووەمی ماددەی (1) هاتووە: ئەم لێبووردنە بەرپرسیاریەتی شارستانی و بەرزەفتکاری ناگرێتەوە[28]. وەهەروەها یاسای لێبوردنی گشتی عیراقی ساڵی 2016 دەڵێت ئەم یاسایە بەرپرسیاریەتی شارستانی و بەرزەفتکاری و تەمێکردن ناگرێتەوە[2]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر تاو انبار سزای تاوانەکەی لەسەر لابچێت، بەڵام پێویستە مافی شارستانی بداتەوە خاوەن ماف دەبێ قەرەبوی تاوانلێکراو بکاتەوە، هەروەها ئەگەر تاوانکار یاخود حوکمدراو فەرمانبەری حکومی بێت یاخود لە سلکی سەربازی بێت جیاکردنەوە (فەصڵ)کرابێت یاخود دابڕین (عەزل)کرابێت، یاخود وەدەرەرنرابێت بەهۆیی حوکمی سزایی، ئەوا لێبووردنی گشتی ئە م دوو بەرپرسیاریەتیە ناگرێتەوە و دوردەخرێتەوە لە کارە وەزیفیەکەی چونکە بە پیی ئەم دوویاسایە بێت ، تەنها سزا تاوانیەکان دەگرێتەوە.

### سێیەم: سەبارەت بەو کەسانەی کە بە سزای لە سێدارەدان حوکمدراون:

بە گوێرەی بڕگەی یەکەمی ماددەی (2) یاساکە، سزای حوکمدراوان بە سزای لە سێدارەدان (واتە بە لەسێدارەدان حوکمدراوە بەلام سزاکەی نەچۆتە واری جێبەجێکردن ) ئەوا ئەگەر هاتوو ئاشتەوایی (صلح) لە نێوان

---

[26] ماددەی (1) بڕگەی (1) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017).

[27] ماددەی (2-1) یاسای لێبووردنی گشتی عێراقی ژمارە( 27 )ی ساڵی (2016)

[28] ماددەی (1) بڕگەی (2) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017)

[2] ماددەی (2) بڕگەی (1) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017).

[3] ماددەی (1) یاسای لێبووردنی گشتی عێراقی ژمارە( 27 )ی ساڵی (2016).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تاوانكار و تاوانلێكراو هەبوو، ئەوا سزای حوكمدراو لە سێدارە (اعدام) كەم دەكرێتەوە بۆ زیندانی كاتی بۆ ماوەی (15) ساڵ و ماوەی ڕاگرتن و حوكمی پێشووی بۆ هەژمار دەكرێت، بەڵام بەمەرجێك ئاشتەوایییەكە لەبەردەم لیژنەیەك بێ كە لەم یاسایەدا ئاماژەی پێكراوە و دواتر ڕێنمایی تایبەتی پێ دەردەچێت[31]. بە هەمان شێوە یاسا دانەری عێراقیش مەرجی ئاشتەوایی و وازهێنانی لە داوای سزایی كردۆتە مەرجی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە[32]. وە یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە (2) ی ساڵی ( 2012) ماوەی چوار مانگی دیاری كردوە بۆئاشتەوایی دوای بڵاوبونەوەی یاساكە لە ڕۆژنامەی فەرمی دەتوانن ئاشتەوایی بكەن[33]، وە ئەو حوكمدراوانەی كە بەندكراون یاخود دەستبەسەرن لە فەرمانگەی چاكسازی كۆمەلایەتی ئەگەر ئاشتەواییان كردبێت یاخود لە ماوەی (8 )مانگ ئاشتەوایی بكەن، ئەوا لێبوردنی گشتی دەیانگرێتەوە[34].**

**ئەم لێبووردنە گشتییە هەموو بەندكراو و ڕاگیراوانە دەگرێتەوە كە لە فەرمانگەكانی چاكسازی كۆمەڵایەتی هەرێم لەلایەن دادگاكان حوكمی سزاییان بۆ دەرچووە بە مەرجێك ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەكان ئەنجامدرابێت ئەوكات دەستبەجێ ئازاد دەكرێن[35].**

**حوكمەكانی ئەم یاساییە لەسەر ئەو دۆسییانە جێبەجێ دەبێت كە لە قۆناغی لێكۆڵینەوەدان لە هەموو ئەو تاوانانەی لە رۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە واتە بەرواری 17-12-2017 ئەنجامدراون ئەگەر ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەكان ئەنجامدرابوو[36].**

**ئەم یاسایە هەموو ئەو بەندی و ڕاگیراوانە دەگرێتەوە كە پێشتر لە یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە 2 ی ساڵی 2012 سوودمەند بوونە یاخود لە لێبووردنی تایبەتی[37]. ئەم خاڵەش پێچەوانەی یاسای لێبووردنی ساڵی 2012[38]،**

---

[31] ماددەی (3) یاسای لێبووردنی گشتی عێراقی ژمارە( 27 )ی ساڵی (2016

[32] بریاری دادگای جینایەتی سلێمانی/ 3 بەسیفەتی تەمییزی بە ژمارە 209/ت/2014 لە بەرواری 3-8-2014
"یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (2) ی سالی (2012)لە رۆژی (2012/6/4) دەركرا و ماوەی چواری مانگی دوای بلاْوكردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستان دیاری كردووە بۆ ئاشتەوایی، لەبەر ئەوەی هەر رۆژێك بكەوێتە نێ و ئەو ماوە دیاری كراوە و تیایدا ئاشتەوایی ئەنجام درابێ لەگەڵ هەبوونی مەرجەكانی تردا، ئەوا یاساكە ئەو رووداوە ئەگریتەوە".

[33] بڕیاری دادگای ئیستئنافی هەولێر بەسیفەتی تەمییزی ژمارە 97/ت ج /2012 لە بەرواری 2012/7/26
"مادام سكالاْكاران تەنازولیان لە شەكوا كردو وە، ئەوا وەكو ئەنجامدانی ئاشتەوایی (بمپابە المصالحە ) هەژمار دەكرێت، یاسای لێبووردنی گشتی تاوانەكانی رۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی 2007 دەگرێتەوە".

[34] ماددەی (3) برگەی (1)یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017)

[35] ماددەی (4) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە ( 4 )ی ساڵی (2017)

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**وە یاسای لێبووردنی گشتی عێراقی ساڵی 2016 یە چونکە بە گوێرەی ئەم دوو یاسا یە حوکمدراوان سوودمەند نابن لە لێبووردن ئەگەر جارێك لە لێبووردنی گشتی یاخود لێبووردنی تایبەتی سوودمەند بووبن.**

**وە هەروەها حوکمدراوی هەڵهاتوو یان ئەوانەی حوکمی سزایی پاشملە یان بۆ دەرچووە لەم یاساییە سوود مەند دەبێت ئەگەر لە ماوەی (4) چوار مانگ خۆیان بەدەستەوە بدەن و بەمەرجێك ڕ ێژەی لە 35٪ حوکمەکانیان تەواو بکەن[36].**

**بە گوێرەی یاسای لێبووردنی گشتی ئەو حوکمدراوانەی کە ماوەی حوکمیان تەواو بووە بەلاَم لە زیندان ماون و پارەیان نیەبۆ گەڕاندنەوەی ئەو پارەو سامانەی لەسەری گیراون ئەوا دەتوانن بە قیست پارەکە بدەنەوە، یاخود دانانی بارمەتە بەقەدەر بڕی پارەی لەسەر حوکمدراو[37].**

**ئەم هەڵوێستەی یاسا دانەری کوردستانی بەرز دەنرخێنین، بە تایبەت لە و بارودۆخە قەیراناویەی ئیستا خەڵکی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەر دەبێت، لەوانە خەڵکانێکی زۆر هەبن کە نەتوانن ئەو ئەرکە مادیە بە جێ بهێنن بە هۆی ئەو بارودۆخەی ئێستای حکومەت و خەڵك بەسەریدا هاتووە، لە لایەکی تر ئەو بەندکراوانە ئەگەر ئازاد بکرێن لەوانەیە بتوانن کارێك بۆخۆیان بکەن و ئەو پابەندبونە داراییە بگێڕنەوە بۆ حکومەت.**

**بە گوێرەی ماددەی (8)ی یاساکە تاوانەکانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان و دەستدرێژی سێکسی و نێربازی بەڕێژەی لە سەدا (بیست) لە سزا بنەڕەتیەکە کەمدەکرێتەوە[38]. واتە ئەنجامدرانی ئەم جۆرە تاوانانە تەنها بەڕێژەی لە سەدا (بیست) سودمەند دەبن و لەسەدا (هەشتا)ی سزاکانیان وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەمەش ڕادەی مەترسی ئەم جۆرە تاوانەمان بۆ دەردەخات، کە تەنانەت لێ بوردنی گشتیش سزاکانیان ناسڕێتەوە، تەنها سزاکانیان کەم دەکاتەوە.**

## چوارەم: ئەو تاوانانەی ئەم لێبوردنە نایانگرێتەوە

**یەکەم: تاوانەکانی پەیوەست بەیاسای پاراستنی بیانییەکان و یاسای سزادانی حیازەو دروستکردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.**

---

ماددەی (5) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( 4 )ی ساڵی (2017) [36]

بڕیاری دادگای ئیستئنافی هەولێر بەسیفەتی تەمییزی ژمارە 90/ت ج /2012 لە بەرواری 2012/7/18 [37]

"ئەو حوکمدراوانەی سوودمەندبوون لە یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (4) ی ساڵی 2007 یاخود یاسای لێبووردنی تایبەتی لەلایەن سەرۆکی هەرێم، ئەوا یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (2)ی ساڵی 2012 نایگرێتەوە".

ماددەی (6) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017) [38]

ماددەی (7) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017) [39]

ماددەی (8) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017) [40]

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: تاوانەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ناوەخۆ و دەرەوەی هەرێم.**

**سێیەم: بازرگانیکردن بە دەرمان و خۆراکی بەسەرچوو.**

**چوارەم: ڕەشوە و دزینی ماڵی دەوڵەت و ئەو تاوانانەی بە سامانی گشتیەوە پەیوەستن و تاوانەکانی گەندەڵی کە لە یاسای دەستپاکی هەرێم دەقنووس کراون.**

**پێنجەم: تقلید و تەزویرکردنی دراو و کاغەزی پارەو بانکنۆت (سەنەداتی مالی).**

**شەشەم: زینای مەحرەم.**

**حەوتەم: تاوانەکانی بە قاچاغ بردنی شوێنەوارەکان.**

**هەشتەم: تاوانی ڕفاندن کە بەهۆیەوە ونبوون یاخود مردن یان ناتوانایی جەستەیی و ئەقڵی لێکەوتبێتەوە.**

**نۆیەم: حوکمداوە گەڕاوەکان لەسەر تاوانی بە ئەنقەست و هەڵاتوان لە زیندان.**

**دەیەم: دەستدرێژی سێکسی و ئەشکەنجەدان.**

**یازدەیەم: بازرگانیکردن بە مرۆڤ.**

**دوازدەیەم: کوشتنی بنەچەو نەوەکان (اصول و فروع) بە ئەنقەست.**

**سێزدەیەم: کوشتنی ئافرەت بەبیانوی شوشتنەوەی نامووس.**

**چواردەیەم: کوشتنی زانایانی ئایینی و ڕۆژنامەنووسان بە ئەنقەست[41]. بە هەمان شێوە یاسا دانەری عیراقی کۆمەڵێك تاوانی مەترسیداری خستۆتە دەرەوەی لێبوردنی گشتی[42].**

**لەم مادەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لێبوردنی گشتی مەرج نیە هەموو جۆرەکانی تاوان بگرێتەوە، چونکە لێرەدا وشەی گشتی مەبەستی ئەوە ناگەیەنێت کەبۆ هەموو تاوانێکە ئەم لێبوردنە ، بەڵکو وشەی گشتی مەبەستی ئەوەیە کە ئەم یاسایە بۆ کەسێکی دیاریکراو نیەو بۆ گروپێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو بۆ هەموو کەسێکە کە مەرجەکانی ئەم لێبوردنە بیگرێتەوە ، . بۆیە کۆمەڵێك تاو ان هەن کە پلەی مەترسیان زۆرترە لە تاوانەکانی تر، هەر لەبەرئەمە ئەم گروپە تاوانە ناگرێتەوەو یاسا دانەر پێی وایە کە ئەم جۆرە تاوانانە ئەوەندە بێزراوو مەترسیدارن کە شایەنی لێبوردن نین و دەبێت تەواوی سزای خۆیان وەربگرن.**

**بە گوێرەی ماددەی (10) یاساکە هەر کەسێك سوودمەند بێت لەم یاسایە و لە دوای (5) ساڵ لە دەرچوونی یاساکە تاوانێکی بە ئەنقەست ئەنجام بدات، ئەوا ئەو حوکمەشی بەسەر دەسەپێنرێت کە کەوتبوە بەر لێبووردنی گشتی و رێککاری یاسایی لە بەرامبەر دەگیرێتەبەر[43].**

---

[41] **ماددەی (9) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017)**

[42] **ماددەی (4) یاسای لێبووردنی گشتی عێراقی ژمارە( 27 )ی ساڵی (2016)**

[43] **ماددەی (10) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017)**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە کەسی لێبوردو لە ژێر چاودێری داد گادا دەمێنێتەوە بۆماوەی پێنج ساڵ بۆ دڵنیا بون لە چاکسازی خودی کەسەکە ئایا گەڕاوەتەوە ناو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا یان مەترسی هەرماوە لە سەر ئاسایشی کۆمەڵگا و تاکەکانی، بۆیە لەم ماوەیە هەر تاوانێکی بە ئەنقەست ئەنجام بدات جاتاوانەکە تەنانەت سەرپێچی بە ئەنقەستیش بێت، ئەوا توشی لێپرسینەوە دەبێتەوەو لێبوردنی گشتیەکەی هەڵدەوەشێتەوەو سزای هەردوو تاوانەکە وەردەگرێتەوە، سەبارەت بە ڕاگیراوان و تۆمەتبارەکانیش ئەوا دادگا ڕێوشوێنی نویٚ لەبەرامبەریان دەگرێتە بەر . ئەمەش هەڵوێستێکی جوانی یاسادانەری کوردستانیە هەم بۆ ترساندنی کەسانی تاوانکار و تۆمەتباران بۆ ئەوەی دور بکەونەوە لە تاوان و هەم بۆ دەستگیر کردنەوەی ئەو تاوانبارانەی ڕاهاتون لەسەر ئەنجامدانی تاوان.

هەروەها بە گوێرەی برگەی یەکەم و دووەمی ماددەی (11) یاساکە، ئەحکامەکانی ئەم یاساییە جێبەجێدەکرێت بەسەر ئەو حوکمدراو و تۆمەتبارانەی سلکی سەربازی و ئاسایش وەکو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پێشمەرگە و پۆلیس کە پاڵپشت یاسای سزادانی هێزەکانی ناوخۆ و یاسای سەربازی لە کوردستان حوکمدراون[44]. کەواتە ئەم یاسا یە گشتیەو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەگریٚ تەوە بە بیٚ گوێدانە وەزیفەو کاری تاکەکان و هەموو تاوان باران و تۆمەتباران لێی سود مەند دەبن بە بیٚ جیاوازی کارو پیشە ی تاکەکان.

**پێنجەم: ڕێکارەکانی جیٚ بەجیٚ کردنی ئەم یاسایە**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم یاساییە لێژنەیەك لە دادگای تێهەڵچوونەوەکانی هەرێم پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی دادوەرێك کە پلەکەی لە پلەی دوو کەمتر نەبێت و بە ئەندامییەتی نوێنەرەکانی هەر یەکە لە وەزارەتی داد و ناوەخۆ کاروکاوباری کۆمەلاّیەتی و دەستەی مافی مرۆڤ و سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، ئەمەش دوای ئەوەی خۆی کاندید دەکات[45]. ئەو بڕیارانەی بەگوێرەی ئەم یاساییە لەلایەن لێژنەکە دەردەچن و لەلایەن ئەندامی داواکاری گشتی یان لەلایەن کەسانی پەیوەندیدار (زەرەرمەند)ەوە لە ماوەی (30)ی ڕۆژدا لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە تاوانەکانی جینایات شیاوی تانەلێدانن بەشێوەی پێداچوونەوە (تەمیین) لەبەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێم و لە تاوانەکانی کەتن و سەرپێچی شیاوی تانە لێدانن لەبەردەم دادگای تێهەڵچوونەوە بەسیفەتی پێداچوونەوە و ئەو بڕیارانەی کە دەردەچن بە پلەی بنبڕ دادەنرێن و دواتر شیاوی تانە لێدان نین[46].

---

[44] ماددەی (11) برگەی (1–2) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( 4 )ی ساڵی (2017)
[45] ماددەی (12) برگەی (1) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( 4 )ی ساڵی (2017)
[46] ماددەی (12) برگەی(2) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( 4 )ی ساڵی (2017)

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ )– العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە لیژنەکە بۆ ماوەی (8) هەشت مانگ لە بەرواری دەست بەکارکردنیەوە کارەکانی تەواو بکات و دوای ئەم ماوەیە وادەی لیژنەکە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت[47].

دانانی ئەم ڕێوو شوێنە و پێکهێنانی لیژنەیەکی لەم شێوەیە لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە بتوانن وردتر لە دۆسیەکان بڕوانێت، بەڵام کارەکانی ئەم لیژنەیە دەبێتە هۆیی دروست بونی ئاستەنگێکی تر لە ڕۆتین و دوا کەوتنی ئازاد بوونی تاوانباران و تۆمەتباران بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆیە دەکرا هەر ئەو داد وەرەی کە حوکم و بڕیاری دەرکردوە بۆ حوکم دراوو تۆمەتبار ، هەر ئەویش بتوانێت کۆتایی بە داوایی سزایی بهێنێت و بڕیاری ئازادکرن بدات یان ڕێژەی سزاکەی کەم بکاتەوە بە گوێرەی حوکمەکانی یاساکە.

دوای تەواووبوونی ماوەی یاسایی لیژنەکە ئەم کارانەی کە لەلایەن لیژنەکە ئەنجام دەدرا دەسپێردرێت بە دادگای جینایات لە پارێزگاکان بۆ جێبەجێکردن و بڕیاری ئەم دادگایانە شیاوی تانەلێدانە لەبەردەم دادگای پێداچونەوە (تمییز)ی هەرێم[48].

بە گوێرەی یاساکە پێویستە لەسەر دادگای تەمییز و دادگاکانی تیهەڵچو و دادگاکانی جینایات لە هەرێمی کوردستان، ڕاستەوخۆ حوکمەکانی ئەم یاساییە لەسەر ئەو دۆسییانەی لەبەر دەستیانە لەکاتی دەرچوونی ئەم یاساییە جێبەجێ بکەن[49].

ئەم یاسایە لە ڕووی زەمەنیەوە حوکمەکانی تەنها ئەو دۆسییە و تاوانانە دەگرێتەوە کە پێش دەرچوونی ئەم یاساییە ڕوویانداوە[50]، واتە تەنها ئەو تاوانانەی پێش بەرواری 17–12–2017 ئەنجامدراون و ڕووداوەکانی دوای ئەم بەروارە ناگرێتەوە[51].

کەواتە یاسای لێبوردنی گشتی بۆ ڕابردووە نەك بۆ داهاتوو، ئەمەش وەك حالەتێکی جیاواز سەیر دەکرێت لە ڕووی یاساییەوە، هەر وەك یاسا شیکەرەوەکان و یاسای باشتر بۆ تۆمەتبار کە ئەوانیش کاریگەریان هەیە لەسەر ڕوداوەکانی ڕابردوو، چونکە بێگومانین لەوەی کە زۆربەی زۆری یاساکان حوکمەکانیان بۆ داهاتوە نەك بۆ ڕابردوو،

---

[47] ماددەی (12) برگەی(4) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( 4 )ی ساڵی (2017)

[48] ماددەی (12)برگەی(5) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( 4 )ی ساڵی (2017)

[49] ماددەی (13) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە( 4 )ی ساڵی (2017)

[50] ماددەی (15) یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ( 4 )ی ساڵی (2017)

[51] بڕیاری دادگای جینایەتی سلێمانی/ 3 بەسیفەتی تەمییزی بە ژمارە 203/ت/2014 لە بەرواری 24–7–2014. " ئەگەر لێخۆشبوون لە تۆمەتبار کەوتە دوای ئەو وادەیەی کە لە بڕیاری لێبووردنی گشتی ژمارە (2) ساڵی 2012 دا ئاماژەی پێکراوە ئەوا لێبووردنەکە تۆمەتبار ناگرێتەوە".

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**واتە لەو بەروارەی کە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە دەچێتە واری جێ بە جێ کردنەوە مەگەر دەقێك لە یاساکە هەبێت و باسی کاریگەری گەڕاوە بکات بۆ ڕابردوو**

## داواکاری دووەم:کاریگەری لێبوردنی گشتی لەسەر دوای سزایی و بەرزەفتکاری

**کاتێك یاسای لێبوردنی گشتی دەردەچێت کۆمەڵێك لێکەوتەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوەو کاریگەری دەبێت بەسەر داوای سزایی و بەرزەفتکاری ،بۆیە لێرەدا ئەم داواکاریە دابەش دەکەین بۆ دوو لقی جیاواز، لە لقی یەکەمدا باسی کاریگەری لێبوردنی گ شتی لەسەر داوای سزایی دەکەین، لە لقی دووەمدا باسی کاریگەری لێبوردنی گشتی لەسەر داوای بەرزەفتکاری دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:**

### *لقی یەکەم: کاریگەری لێبوردنی گشتی لەسەر داوای سزایی*

**داوای سزایی بریتیە لەو داوایەی کە لە ئەنجامی ڕودانی تاوانێك دروست دەبێت، کە دەقی لەسەر هاتبێت لە یاسای سزاکان[52] . وەك ئاشکرایە، داوای سزایی دوای تۆمارکردنی بە چەندین قۆناغ دا تێپەر دەبێت وەکو قۆناغی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، لێکۆڵینەوەی دادوەریی، دادگایکردن، تانە لێدان لە حوکم، جێبەجێکردن ی حوکم، تاکو کۆتایهاتن بە دۆسیەی سزایی ، وە یەکێك لە هۆکارەکانی کۆتایهاتنی داوای سزایی بریتیە لە دەرچوونی یاسای لێبوردنی گشتی لە دەسەڵاتی یاسادانان دەریدەکات هەروەك لە یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە : حوکمی سزایی دەرچوو بە سزایەك یان ئامادەکارییەکی خۆپارێزی بە هۆی لێبوردنی گشتی هەڵدەوەشێتەوە[53] . و هەروەها لە ماددەی (153) یاسای سزادانی عیراقیدا هاتووە:**

1 - **لێبوردنی گشتی بە یاسا دەردەچێت و دەبێتە مایەی هەڵوەشانەوەی داوا ی سزایی[54] ، و سڕینەوەی حوکمی تاوانبارکردن و نەمانی گشت سزاکانی بنەڕەتی و پاشکۆیی و تەواوکاریی و ئامادەکارییە خۆپارێزییەکان و**

[52] ئومێد سعید خضر(ڕوستایی) آثار الحصانة البرلمانية، رسالة ماجستير،جامعة سوران،2014،ص67.

[53] ماددەی (151) یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969.

[54] بریاری دادگای جینایەتی سلێمانی 3 بەسیفەتی تەمییزی بە ژمارە 162/ت/2014 لە بەرواری 8–6–2014.
"ئەگەر کردارێکی تاوانکاری بڕیاری لێبووردنی گشتی ساڵی 2012 بیگرێتەوە، ئەوا بڕیاری هەواڵەکردنی دۆسیەکە بۆ دادگای تایبەتمەند بڕیارێکی نا یاساییە، چونکە بەدەرکردنی بڕیاری لێبووردنی گشتی، ئیتر بەڵگەی هەواڵەکردن هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی نامێنێت..."

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو سزایانە نییە کە پێشتر جێبەجێکراو ن ئەگەر دەقی یاسای لێبوردن باسی جگە لەوەی نەکرد بێت.

2- ئەگەر یاسای لێبوردنی گشتی لە بەشێك لە سزای بڕیاردراو دەرچوو بێت بە لێبوردنی تایبەتی دادەنرێت و بڕیارەکانی لێبوردنی تایبەتی لەسەر پەیڕەو دەکرێن.

3- لێبوردنی گشتی زیان بە مافەکانی کەسی کەسانی تر ناگەیەنێت[55]).

هەروەها لە ماددەی (300)ی یاسای شێوازەکانی دادگایکردنی سزاییدا هاتووە: (داوای سزایی کۆتایی دێت بە .... یاخود بە لێخۆشبوون لە تاوان ...)[56]. هەروەها ماددەی (305) لە هەمان یاسادا هاتووە: (ئەگەر یاسای لێبووردنی گشتی دەرچوو ئەوا رێککاری لێکۆڵینەوەو دادگایکردن لە دژی تۆمەتبار ڕادەگیرێت بەشێوەی ەکی کۆتایی ...)[57]. هەروەها لێبووردنی گشتی بەستراوەتە بە سیستەمی گشتی وڵات، بۆیە حوکمدراو ناتوانێت تەنازول بکات لەوەی یاساکە بیگرێتەوەو یاخود داوا لە دادگا بکات لە دادگایکردن بەردەوام بێت بۆ سەلماندنی بێ تاوانی([58]).

لەم دەقە یاساییانەی سەرەوە دەتوانین کاریگەری لێبووردنی گشتی لەسەر داوای سزایی بەم شێوەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە:

یەکەم: یاسای لێبووردنی گشتی لەسەر گشت قۆناغەکانی داوای سزایی جێبەجێ دەبێت و ڕ ێککارە سزاییەکان بەشێوەی کۆتایی لە دژی تۆمەتبار ڕ ادەگرێ و کۆتایی بە داوایی سزایی دێنێت و تەنانەت حوکمی تاوانبارکردن دەسڕێتەوە، وکۆتایی بە ڕیککارە خۆپارێزیەکانیش دێنێت.

دووەم: تۆمەتباران و ڕاگیراوان بەبێ مەرج ئازاد دەکرێن، واتە بەبێ ئەوەی دەستەبەری و کەفالە یاخود بەڵێننامە پێشکەش بکەن مادام یاسای لێبووردن دەقی لەسەر نەکردبێ.

چوارەم: ئازادکردنی بکەری تاوانەکە، واتە تۆمەتبار یاخود حوکمدراو، ئەگەر ڕاگیرابێ یاخود حوکمدرابێ.

---

[55] ماددەی (153) یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969

[56] ماددەی (300)ی یاسای شێوازەکانی دادگایکردنی سزاییدا ژمارە(23) ساڵی1971.

[57] ماددەی (305) ی یاسای شێوازەکانی دادگایکردنی سزاییدا ژمارە(23) ساڵی1971.

[58]– د. ضياء عبدالله عبود: العفو كسبب من اسباب انقضاء الدعوى الجزائية في قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي النافذ ، بحث منشور في مجلة رسالة الحقوق، كلية القانون – جامعة كربلا، السنة الثالثة، العدد الثاني، 2011، ص 26-27.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێنجەم: ڕێگەگرتن لە جێبەجێكردنی سزاكانی وەك لەس ێدارەدان، بەندكردن ، بەلام یاساكە غەرامەكردن و دەستبەسەرداگرتنی كەل و پەلی تاوانی ناگرێتەوە هەروەك لە ماددەی (307)ی یاسای شێواز ەكانی دادگایكردنی سزایی ئاماژەی پێكراوە.**

**شەشەم: حوكمدراو دوای سوودمەندبوونی لە یاسای لێبووردنی گشتی هەموو ئەو مافانە وەردەگرێتەوە لە یاساكان پێ بەخشراوە و بەهۆی تاوانەكە لێی زەوتكرابوو، وەكو ماف بەشداری سیاسی . بەڵام مافە شارستانیەكان كە بەهۆی تاوانەكە كەوتۆتە سەری وەكو قەرەبۆكردنەوە ئەوا لەو بەرپرسیاریەتە نابەخشریت.**

**حەوتەم: لێبووردنی گشتی كاریگەری گشتگیرو گشتی هەیە و هەموو بەشداربووانی تاوانەكە دەگرێتەوە ، بۆیە نابێت كاریگەرییەكەی بەش بەش بكرێت، ئەگەر بكەری سەرەكی لێخۆشبوون بیگرێتەوە، ئەوا بەشد اربووانی تر لە تاوانەكە سوودمەند دەبن لە تاوانەكانی فرە تاوانباری.**

## لقی دووەم: كاریگەری لێبووردنی گشتی لەسەر داوای بەرزەفتكاری

**لێبووردنی گشتی سەرباری ئەوەی سزای بنەڕەتی تاوانەكە لادەبات و حوكمی ئیدانە دەسڕێتەوە لەهەمان كاتدا سزای پاشكۆیی و تەواوكاریش دەگرێتەوە، واتە ئەم دوو سزایەش هەڵدەوەشێنێتەوە[59].**

**وە ئەگەر هاتوو كەسی تاوانكار فەرمانبەری كەرتی گشتی بێت یاخود لە پیشەی سەندیكایی كاربكات وەك كاری پزیشكی وپارێزەرو ئەندازیار ئەوا ئەو كاتە لێبووردنی گشتی كاریگەری بەسەر تاوانەكە دەبێت، بۆ وێنە فەرمانبەرێك تاوانی بەرتیل ئەنجام بدات و حوكم بدرێت، و دواتریش لە وەزیفەكەی سزای جیاكردنەوە (فەصل) یاخود سزای دابڕین (عەزل) بدرێت پاشان بەر لێبووردنی گشتی بكەوێت، ئایا مەركەزی بەرزەفتكاری فەرمانبەرەكە چی بەسەر دێت؟**

**سەبارەت بەم تاوانە لێبووردنی گشتی دووكاریگەری دەبێت بە سەریەوە:**

1 – **ئەگەر هاتوو فەرمانبەرێك یاخود خاوەن پیشەیەكی سەندیكایی وەكو پارێزەر تاوانێكی ئەنجامدا و بە هۆی حوكمی سزایی ئیدانەكراو لە وەزیفەكەی دوركەوتەوە بەهۆی سەپاندنی سزای تاوانەكەوە، بەڵام دواتر ئەگەر یاسای لێبو وردنی گشتی بیگرێتەوە ، ئەوا سزای بەرزەفتكاریش دەگرێتەوەو دەچێتە وە سەر وەزیفەكەی، تەنها ئەگەر یاساكە بە دەق ئاماژەی بەوە كردبێت كە بەرپرسیاریەتی بەرزەفتكاری نایگرێتەوە[60].**

---

[59] ماددەی (153) یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969 .

[60] – د.معاذ جاسم محمد – عمار رحيم سالم : اثر العفو في المسؤولية التأديبية للموظف ، بحث منشور في مجلة جامعة الانبار للعلوم القانونية والسياسية – جامعة الانبار، المجلد: 1 ، الاصدار: 13، السنة: 2017، ص 281.

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2 – **بەڵام ئەگەر هاتوو فەرمانبەرەکە یاخود خاوەن پیشەکە بە حوکمی بڕیاری کارگێری لەلای ەن دەسەڵاتی بەرزەفتکردن سزای جیاکردنەوە (فەصڵ) یاخود سزای دابڕین (عەزال) کرابێت و دواتر یاسای لێبووردنی گشتی بیگرێتەوە، ئەوا لەم حاڵەتە بەرپرسیاریەتی بەرزەفتکردن نایگرێتەوەو ناتوانێ بگ ەڕێتەوە بۆ وەزیفەکەی بەهۆی جیاوازی و سەربەخۆیی نێوان بەرپرسیاریەتی سزایی و بەرپرسیاریەتی بەرزەفتکاری**[61] .

**بۆیە دەتوانین بڵێین لێبوردنی گشتی چۆن سزای بنەڕەتی دەگرێتەوە بە هەمان شێوە سزای پاشکۆی و تەواو کاریش دەگرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر هات و یا سای لێبورنی گشتی دەقی لەسەر نەهێنابێت، بەڵام ئەگەر یاسای لێبوردنی گشتی ئاماژە بەوە بکات کە سزای بەرزەفتکاری ناگرێتەوە، ئەوا ئەوکات سزای بەرزەفتکاری لاناچێت و دەمێنێتەوە چونکە پێشینە بۆ یاسای لێبوردنی گشتی دەبێت چونکە ئەمە یاسایەکی تایبەتە بە بەراورد لە گەڵ یاسای سزاکان کە دەقەکانی گشتین سەبارەت بە یاسای لێبوردنی گشتی.**

# کۆتایی

**کۆتایی توێژینەوە پێك دێت لە چەندین دەرەنجام و پێشنیار وەك لە خوارەوە هاتووە:**

## یەکەم: دەرەنجامەکان

1 – **لێبووردنی گشتی بە یاسایەکی تایبەت لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان دەردەچێت و هێزی یاسایی لە دەستووری وڵات یاخود ئەو یاساییانە وەردەگرێت کە سیفەتی دەستووریان هەیە، بەمەش جیادەکرێتەوە لە لێبووردنی تایبەتی کە لەلایەن سەرۆکی وڵات یان سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەردەچێت یان بە هەما هەنگی هەردوکیان.**

2 – **ئەگەر کەسێك لێووردنی گشتی بیگرێتەوە ئەوا لەڕووی سزایی کۆتایی بە داوای سزایی دێت و هەموو سزا بنەڕەتی وتەواوکاری و پاشکۆیەکان دەگرێتەوە بەمەرجێك لەیاسای لێبوردنی گشتی دەقێك نەهاتبێت بە پێچەوانەی ئەمە.**

3 – **لە دەستوری ئێستای عێراقدا هیچ مادەیەك باسی لێبوردنی گشتی ن ەکردووە،بەڵام وە کویاسا بە گوێرەی ماددەی (61) لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانە، وە لە هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی دەستورمان نیە،بۆیە**

---

61 – **بۆ زیاتر زانیارە لەم بارەوە بڕوانە : حسن مصطفى حسين: الحكم الجزائي وأثره في سير الدعوى الادارية والرابطة الوظيفية دراسة تحليلية مقارنة، رسالة ماجستير ، جامعة سوران ،** 2017 – 2018، ص159.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پەرلەمانی کوردستان پشتی بەستوە بە ماددەی (56 )لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە (1) ساڵی (1992).**

4 -**یاسای لێبوو ردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4 )ی ساڵی (2007 )حوکمدراوان و بەندی و سپێردراوان و ڕاگیراوان دەگرێتەوە .**

**5 -یاسای لێبوردنی گشتی بەرپرسیاریەتی شارستانی و بەرزەفتکاری ناگرێتەوە ،پێویستە ماف شارستانی بدرێتەوە خاوەن ماف، هەروەها ئەگەر تاوانکار فەرمانبەر بێت ئەوا ناتوانێ بگەرێتەوە وەزیفەکەی.**

6 -**بە گوێرەی یاسای لێبووردنی گشتی هەرێم سزای حوکمدراوان بە سزای لە سێدارەدان کەمدەکرێتەوە بۆ بەندکردنی کاتی بە مەرجی ئاشتەوایی نێوان لایەنەکان.**

7 -**ئەم لێبووردنە گشتییە هەموو بەندکراو و ڕ اگیراوانە دەگرێتەوە کە لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێم لەلایەن دادگاکان حوکمی سزاییان بۆ دەرچووە بە مەرجێك ئاشتەوایی لە نێوان لایەنەکان ئەنجامدرابێت ئەوکات دەستەبەجێ ئازاد دەکرێن.**

8 -**حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو دۆسییانەش دەگرێتەوە کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان لە هەموو ئەو تاوانانەی لە بەرواری پێش دەرچوونی ئەم یاساییە ( 17-12-2017 )ئەنجامدراون ئەگەر ئاشتەوایی لەنێوان لایە نەکان ئەنجامدرابوو.**

9 - **ئەم یاسایە هەموو ئەو بەندی و ڕاگیراوانە دەگرێتەوە کە پێشتر لە یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (2) ی ساڵی (2012) سوودمەند بوونە یاخود لە لێبووردنی تایبەتی، ئەم خاڵاش پێچەوانەی یاسای لێبووردنی ساڵی (2012 )و یاسای لێبووردنی گشتی عێراقی ساڵی (2016) یەچونکە بە گوێرەی ئەم دوو یاسا یە سوودمەند بووان لە لێبووردن جا گشتی بێت یا تایبەتی نایانگرێتەوە.**

10 -**حوکمدراوی هەڵهاتوو یان ئەوانەی حوکمی سزایی پاشملەیان بۆ دەرچووە لەم یاساییە سوود مەند دەبێت ئەگەر لە ماوەی (4) چوار مانگ خۆیان بەدەستەوە بدەن و بەمەرجێك رێژەی لە 35٪ حوکمەکانیان تەواو بکەن.**

11 -**بە گوێرەی یاسای لێبووردنی گشتی ئەو حوکمدراوانەی کە ماوەی حوکمیان تەواو بووە بە لاَم لە زیندان ماون و پارەیان نیە بۆ گەراندنەوەی ئەو پارەو سامانەی لەسەری گیراون ئەوا دەتوانن بە قیست پارەکە بدەنەوە یاخود دانانی بارمەتە بەقەدەر بری پارەی لەسەر حوکمدراو..**

12 -**یاسای لێبوردنی گشتی هەموو جۆرەکانی تاوان ناگرێتەوە، وەك بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان ودەست درێژی سێکسی و تیرۆرو هتد......**

## دووەم: پێشنیازەکان

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1–واباشتربوو یاسای لێبووردنی گشتی ژمارە (4)ی ساڵی( 2017 )ئەو حوكمدراوانەی نەگرتبایەوە كە لە یاساكانی تری لێبووردنی گشتی یاخود لێبووردنی تایبەتی سوودمەندبوون، چونكە لەوانەیە بەهۆی ئەمەوە كۆمەڵێك تاونكاری ڕاهاتوومەترسیدار ر بە ئاسانی لە سزا دەربازیان ببێت.

2–وا باشتربوو ئەحكامەكانی ئەم یاسایە سەبارەت بە حوكمدراوانی سلكی سەربازی و هێزەكانی ئاسایش روونتر كرابانەوە بەوەی ئاخۆ چ جۆرە تاوانێكی پەیوەست بە یاسای سەربازی و هێزەكانی ئاسایشی ناوەخۆ دەگرێتەوە.

3–دەبوایە دەقەكانی ئەم یاسایە ڕونتر بوایە دەربارەی ئەوەی كە لێبوردنەكە تەنها لێخۆشبونە لە سزا یان لێخۆشبونە لە بەرپرسیاریەتی سزایی بە تەواوی چونكە هەڵۆیستی یاسا دانەر ڕوون نیە لەو بارەیەوە .

## لیستی سەرچاوەكان

### یەكەم: فەرهەنگەكان:

1 - Oxford Dictionary, issued by Oxford University, 7th ed , 2007.
2 -إبن منظور: لسان العرب، ج6، ط1، دار احياء التراث، بيروت، 1997.
3 -ميشيل. ج. فيرج: مسرد الكليمات القانونية ومعانيها، بلا مكان طبع، 2005.

### دووەم: كتێبەكان :

4 -جندي عبدالملك،الموسوعة الجنائية، ج5، دار العلم للجميع، بيروت، بدون سنة طبع.
5 -حسێن محێدین تەهماس ،بنەما دادوەرییەكان ، دادگای تاوانەكانی سلێمانی /3 بۆ ساڵی 2014، لە چاپ و بلأوكراوە یادگار ، سلێمانی ، چاپی یەكەم، 2017.
6 -د. على محمد جعفر، فلسفة العقاب والتصدي للجريمة، ط1، المؤسسات الجامعية للدراسات والنشر – بيروت، 2006.
7 -د.على حسين خلف،سلطان عبدالقادر الشاوى،المبادئ العامة في قانون العقوبات،المكتبة القانونية،بغداد،2006

8 د. عثمان ياسين علي، المبادئ والتطبيقفات القانونية في قرارات محكمة استئناف اربيل بصفتها التمييزية الطعن في احكام وقرارات محاكم الجنح لسنوات 1992–2012، مطبعة روزهلات / اربيل ، ط1 ، 2013.
9 د. محمود نجيب حسني : شرح قانون العقوبات – القسم العام، ط 3، منشورات الحلبي الحقوفية، بيروت، 1973.

## سێیەم: توێژینەوە زانستییەکان و ماستەرنامە

10 – ئومێد سعيد خضر(رِوستايى) آثار الحصانة البرلمانية، رسالة ماجستير،جامعة سؤران،2014.
11 – د. تافگه عباس البستاني – د. طارق صديق گەردى : العفو العام والقوانين الصادرة من برلمان كوردستان بصدده، بحث منشور في مجلة كلية القانون للعلوم القانونية والسياسية – جامعة كركوك ، المجلد 4، الاصدار 12، السنة 2015.
12 -حسن مصطفى حسين ، الحكم الجزائي وأثره في سير الدعوى الادارية والرابطة الوظيفية – دراسة تحليلية مقارنة، رسالة ماجستير ، جامعة سوران ، 2017 – 2018.
13 د. ضياء عبدالله عبود : العفو كسبب من اسباب انقضاء الدعوى الجزائية في قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي النافذ ، بحث منشور في مجلة رسالة الحقوق، كلية القانون – جامعة كربلا، السنة الثالثة، العدد الثاني، 2011.
14 - عدى جابر هادي: العفو القضائي – دراسة مقارنة، بحث نشور في مجلة علوم الانسانية، جامعة بابل، المجلد 15، العدد 2، سنة 2008.
15 د.معاذ جاسم محمد – عمار رحيم سالم : اثر العفو في المسؤولية التأديبية للموظف ، بحث منشور في مجلة جامعة الانبار للعلوم القانونية والسياسية – جامعة الانبار، المجلد: 1 ، الاصدار: 13، السنة: 2017.

## 16 چوارەم: دەستوور و یاساکان

17 دەستووری عێراقی ساڵی 2005
18 دەستووری میصری ساڵی 2014
19 دەستووری فەرەنسی ساڵی 1958 و دواین هەمواری ساڵی 2008
20 دەستوری ئوردنی ساڵی 1952 دواین هەمواری 2016
21 دەستوری ئیمارات ساڵی 1971 هەمواری 2009
22 دەستوری لوبنان ساڵی 1929هەمواری 2004
23 یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە 4 ی ساڵی 2007.
24 یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە 2 ی ساڵی 2012.

25 یاسای لێبووردنی گشتی هەرێمی کوردستان ژمارە 4 ی ساڵی 2017.
26 یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017 تایبەت بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم.
27 یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1)ی ساڵی 2005.
28 یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ی ساڵی 1969.
29 یاسای شێوازەکانی دادگایکردنی سزایی ژمارە (23)ی ساڵی 1971 ی هەموارکراو.

## 30 پێنجەم: حوکم و بڕیارەکانی دادگاکان

31 -بڕیاری دادگای ئیستئنافی هەولێر بەسیفەتی تەمییزی ژمارە 97/ت ج /2012 لە بەرواری 2012/7/26، بڵاونەکراوە.
32 –بریاری دادگای جینایەتی سلێمانی / 3 بەسیفەتی تەمییزی بە ژمارە 209/ت/2014 لە بەرواری 3–8–2014.
33 –بریاری دادگای جینایەتی سلێمانی/ 3 بەسیفەتی تەمییزی بە ژمارە 203/ت/2014 لە بەرواری 24–7–2014.
34 –بڕیاری دادگای ئیستئنافی هەولێر بەسیفەتی تەمییزی ژمارە 90/ت ج /2012 لە بەرواری 2012/7/18.
35 –بریاری دادگای جینایەتی سلێمانی 3 بەسیفەتی تەمییزی بە ژمارە 162/ت/2014 لە بەرواری 8–6–2014.
36 –قرار محكمە التمييز الاتحادی رقم (19/هياه عامە /2003) بتاريخ 30–1–2003، لە ماڵپەری فەرمی ئەنجوومەنی دادوەری عێراقی (مجلس القضاء الاعلى) بەم ناونیشانە بڵاوکراوەتەوە: www.iraqja.iq.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ملخص

### العفو العام وأثره على الدعوى الجزائية والانظباطية
### (قانون العفو العام في إقليم كوردستان رقم 4 لسنة 2017 كنموذج)

### دراسة تحليلية – مقارنة

العفو العام إجراء قانوني يصدر من قبل السلطة المختصة بالتشريع، بعد نشر هذا القانون في الجريدة الرسمية، تطبق أحكامه من قبل كل من السلطة القضائية والتنفيذية. الهدف من إصدار هذا القانون في أي بلد هو إعادة النظر في السياسية الجنائية والاصلاح الجنائي وعود ة المحكومين مرة أخرى إلى المجمتمع وذلك بإعطاء فرصة أخرى لهم لتنظيم حياتهم.

بعد تغير النظام السياسي في العراق والاعتراف بإقليم كردستان كإقليم فيدرالي في جمهورية العراق، صدر المشرع الكوردستاني قانون العفو العام ثلاث مرات، أولها: قانون رقم (4) لسنة (2007)، والثاني: قانون رقم (2) لسنة (2012)، أما القانون الأخير الذي تناولته أحكام العفو العام هو قانون رقم (4) لسنة( 2017).

إن هڎا البحث محاولة لتوضيح وتحليل أحكام قانون العفو العام في العراق و إقليم كوردستان وعرض الموضوع معززا بالقرارات والأحكام القضائية في محاكم إقليم كوردستان بصدد العفو العام.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية– اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٣ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٨
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Abstract

**General Amnesty and its impact on criminal and disciplinary claim**

**General Amnesty Law in Kurdistan-Iraq No.( 4) of (2017) as a model**

**Analytical and Comparative Study**

General amnesty is a legal proceeding and the legislative authority regulates its provisions by enacting a law and publishing it in the gazette. The provisions of this law are enforced by the executive and judicial authority. The aim of enacting general amnesty law in most countries is to mitigate the burden of the State economically in terms of bearing the vast number of sentenced and detained persons, in addition to the revision of criminal policy, fields of criminal reform and bringing the convicted persons into the society.

After changing the political system of Iraq and remaining Kurdistan within the scope of Iraqi federal, three general amnesty laws have been enacted which are: General Amnesty law in Kurdistan-Iraq No. 4 of 2007, General Amnesty law in Kurdistan-Iraq No. 2 of 2012 and the last law is the general Amnesty law in Kurdistan No. 4 of 2017.

This research is an attempt to analyze the general provisions of general amnesty and to analyze the provisions of the General amnesty law in Iraq and Kurdistan. It also provides the judicial case of courts of Kurdistan on general amnesty.